سەماحەتی حەکیم .. بەئامانجکردنی غەززە هەموو مەرجەکانی تاوانی جینۆسایدی تێدایە

سەماحەتی عەممار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی داوای کرد شەڕی سەر غەززە ڕابگیرێت و ڕوونیشی کردەوە کە بەئامانجکردنی غەززە هەموو مەرجەکانی تاوانی جینۆسایدی تێدایە، هەروەها لە تویتێکدا سەماحەتی سەبارەت بە ڕووداوەکانی غەززە لە 31-10-2023 گوتیشی " زۆر بە نیگەرانییەوە چاودێری ئەوە دەکەین کە گەلی فەلەستینی ستەملێکراو لە قەسابخانەی دڕندانە ڕووبەڕووی دەبێتەوە کە دواترینیان ئەو تاوانە بوو کە قەوارەی ئیسرائیلی ئەمڕۆ لە کامپی جەبالیا ئەنجامی دا، کاتێك ماکینەی سەربازی دڕندانە و بەئنقەست بەشێوەیەکی تەواو لەگەڕەکێکی دا کە خەڵکی سفیلی تێدابوو، کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر بوونە قوربانی کە زۆرینەیان لە مندالان و ئافرەتان بوون.

سەماحەتی گوتیشی " ئەوەی لە کەرتی غەززەی ئابلوقەدراو ڕوودەدات لە بەردومانی دەریایی و وشکانی و ئاسمانی بە بەکارهێنانی چەکی قورسی وەك بۆمب و مووشەکی فسفەری کە بەشێوەیەکی نێودەوڵەتی قەدەغەکراوە، تاوانەکی جینۆساید و کوشتنی بەکۆمەڵە و هەموو مەرجەکانی ئەوەشی تێدایە، بەپێی پەیماننامە نێودەوڵەتی متمانە پێکراو، لەبەرەش نابێت قەوارەی داگیرکەر لە سزادان ڕزگاری بێت بەپێی ئەو پێوەرەی خۆی، بۆیە پێویستە وڵاتان بەنە نەو بابتەکە و دژی ئەو کارەساتانە بوەستەنن کە دژی بوونە و کوشتنی بە پرۆگرامە و بەهەموو شێوەیەك ژیان دەکاتە ئامانج.